## بانکی پرسیارەکانی دەروونزانی گەشە- قۆناغی دووەم- کۆرسی دووەم

**پ١/ ئەم چەمکانەی خوارەوە پێناسە بکە:-**

1. گەشە 2. گەشەی رەفتاری کۆمەڵایەتی 3. پشت بەستنی هەڵچوونی 4. پەرەسەندن

**پ٢/ نیشانەی (✓) یان ( ) بەرانبەر ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دابنێ و هە ڵە کان راست بکەوە:**

1. گەشە ئاماژە بۆ گۆرانکاری چەندی و چۆنایەتی بەیەکەوە دەکات.

2. کرۆمۆسۆم لە سپێرمدا هەمیشە (X) ە لە کاتێکدا لە هێلکەدان یان (Y) یان (X) ە.

3. جان بیاجیە یەکەم کەس بوو کەبیری لە دامەزراندنی باخچەی ساوایان کردەوە .

4. زانایان ماوەی (11–12) ساڵ بۆ دەستپێکی قۆناغی هەرزەکاری لە لای منداڵدا دیاری دەکەن.

5. گەشەی مۆراڵی پێك دێت لە هەندێك نیشانەی دەربرین لە دەنگ و وشە و کار و هەندێك جوڵانەوەی ئەندامی

**پ٣/ بە راوردبکە لە نێوان ئەمانەی خوارەوە:-**

1. بێبەش بوونی کەرتی و بێبەش بوونی تەواو.
2. قۆناغی بە ئاگایی و قۆناغی دەسەڵات لە گەشەی مۆراڵی دا.

پ٤/ قۆناغەکانی گەشەی زمان بژمێرەو یەکێکیان باس بکە .

پ٥/ گرنگترین ئەو گورانکارییانەی کە لە جەستە دا روودەدات لە قۆناغی هەرزەکاریدا باس بکە.

پ٦/ ئەمانەی خوارەوە تەنها بژمێرە:-

1. هۆکارەکانی دروست بوونی رەفتاری شەرانگێزی.
2. گرنگترین جۆرەکانی بێبەش بوون .

**پ٧/ ئەم چەمکانەی خوارەوە پێناسە بکە:-**

١. گەشەی مۆرالی ٢. رەفتاری شەرانگێزی ٣. تۆرەمخستنەوە ٤. گەشەی زمان

**پ٨/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وەڵامی دروست پرکەرەوە:-**

1. **گۆڕانکاری چەندایەتی ئاماژە بۆ ........ و ......... دەدات بەڵام گۆڕانکاری جۆری ئاماژە بۆ ....... و ....... دەدات.**

2. **خانەی زاوزێی مرۆڤ ........ کرۆمۆسۆمی تێدایە و بە هێلکۆکەی ئافرەت و سپێرمی پیاوەوە و ژمارەی کرۆمۆسۆمەکان دەکاتە .......... کرۆمۆسۆم لە ناو ناوکی هێلکەی پیتراو.**

3. **مەرجەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی بریتین لە ..............................و.............................. .**

4. **بە شێوەیەکی گشتی زمان دوو ئەرکی گرنگی هەیە کە ئەویش بە ئاگایی و .......... دەگرێتەوە .**

5. **........... مولیکۆلەکانی لە پەیژەیەکی لوولپێچ دەچن کە ناسراوە بە جووتە لوولپێچ دەبل هیلیکس.**

**پ٩/ بە راوردبکە لە نێوان ئەمانەی خوارەوە:-**

3. **قۆناغی باڵغبوون و هەرزەکاری .**
4. **قوتابخانەی شیتەلکاری دەروونی و قوتابخانەی شیتەڵکاری هۆکارەکان لە دەروونزانی منداڵدا.**

**پ١٠/ گرنگترین نیشانەکانی باڵغبوون و کاریگەریە دەروونیەکان چین بژمێرە.**

**پ١١/ شێوازەکانی گوزارشت کردن لە رەفتاری شەرانگێزی باس بکە.**

**پ١٢/ قۆناغەکانی گەشەی منداڵ لە رەوانگەی جان بیاجیەوە روون بکە.**

**پ١٣/ هۆکارەکانی دروست بوونی رەفتاری پشت بەستن بە کەسانی تر چین.**

**پ١٤/ هۆکارە کاریگەریەکانی سەر گەشەی کۆمەلآیەتی بژمێرە.**

**پ١٥/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وەڵامی دروست پرکەرەوە:-**

1. **قۆناغی جەنینی ئیمبریونی ........... هەفتە دەخایەنێت کە بە سەرەتای دەرکەوتنی گشت ئەندامە سەرەکیەکانە لە لای کۆرپە.**

2. **قۆناغی هەرزەکاری ناوەند لە سەرەتای ........ سالیەوە دەست پێ دەکات و تا کۆتایی ......... سالی لە لای کچان.**

**3. قۆناغی .......... به یەكێك له قۆناغەكانی گەشەی زمان دادەنرێت كه هانی منداڵ دەدات لەسەر قسەكردن و لاسایكردنەوەی دەنگەكان.**

**4. زۆری ژمارەی كرۆمۆسۆمەكانی جۆری......... له لای نێرینه دەبێته هۆی نەخۆشی ........ كه رێگر دەبێ له دەركەوتنی سیفاته لاوەكیه سێكسیەكان.**

**5. پەنكریاس دوو جۆره هۆرمۆن دەردەدات كه یەكیان دەرەكیه یارمەتی......... دەدات له ناو دوانزده گرێ و ئەویتریان ناوەكیه و راستەوخۆ دەچێت بۆ خۆین كه دەناسرێت به هۆرمۆنی ............ .**

**6. پەرەسەندن پرۆسەیەكی بەردەوامه و له دوو كۆمەله فاكتەر پێك دێت ئەویش فاكتەری ......... له ئەنجامی بۆماوەیه و فاكتەری .......... له ئەنجامی ژینگەیه.**

**پ١٦/ به راوردبكه له نێوان ئەمانەی خوارەوه:-**

**١.جیاوازی له نێوان قۆناغی بالغی و هەرزەكاریدا . ٢.پشت بەستنی هەلچوونی و كرداری له لای منداڵ.**

**پ١٧/ گرنگترین پێویستیەكانی قۆناغی پیربوون باس بكه.**

**پ١٨/ ئەو نەخۆشیانەی كه له رێگەی بۆماوه دەگوازرێتەوه روونیان بكەرەوه.**

**پ١٩/ ئەو هۆكارانەی كه دەبێته هۆی رەفتاری شەرانگێزی چین باسی بكه.**

پ٢٠/ پێناسەی بۆماوه بكه، وەهەر یەک له (تایبەتمەندی سێکسی و کەسایەتی)و (نەخۆشی عەقلی و دەروونی) له رێگەی بۆماوه دەگوازرێتەوه بۆ منداڵ هەریەکەیان روون بکەرەوە.

پ٢١/ ئەدرینالین دەکەوێته چه بەشێک له جەستەدا و ئەرکی چییەو زۆر دەردان و کەم دەردانی چه کاریگەریەکی هەیه له جەستەدا.

پ٢٢/ گرنگترین پێویستەکانی گەشه له قۆناغی منداڵی دواینەیی چین .

پ٢٣/ جیاوازی بکه له نێوان گەشەی زمانەوانی منداڵ له قۆناغی هاوارکردن و پیتی له خۆوە.

پ٢٤/ رۆڵی هەر یەک له پێگەیشتن و فێربوون له گەشەی هەڵچوونی بەراورد بکە.

پ٢٥/ له قۆناغی هەرزەکاریدا ئێسکه پەیکەر چۆن گەشه دەکات باسی بکە.

پ٢٦/ منداڵ چۆن دەگاتە قۆناغی دەسەڵات لە گەشەی مۆراڵیدا.

پ٢٧/ (ماوەر) بۆ چۆنیەتی وەرگرتنی ڕۆلی جنسی دوو جۆر راڤەکردن دەخاتە روو بۆ هەر یەک لە خێزانی گونجا و(یەکگرتوو) و خێزانی نەگونجاو(نا یەکگرتوو) راڤەیان بکە.

پ٢٨/ ئەمانەی خوارەوە تەنها بژمێرە:

١.هۆکارەکانی دروستبوونی رەفتاری پشتبەستن بە کەسانی تر. ٢. ئەرکەکانی زمان.

پ٢٩/گرنگترین ئەو فاکتەرانە چین کە کاریگەریان هەیە لەسەر هەڵچوونەکانی هەرزەکار.

پ٣٠/ پێویستە چە جۆرە ژینگەیەک دابین بکرێت بۆ منداڵانی باخچەی ساوایان کە پێویستی گەشە و هەڵومەرجی سەلامەتی تیایدا بەدی بکرێت.

پ٣١/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پرکەرەوە:-

١.رەفتاری پشت بەستن بە کەسانی تر زیاتر لە لای کچان بەرجەستە دەکرێت وەک لە لای کور بە تایبەتی لە ماوەی نێوان.................. ساڵی تا ...................... ساڵی.

٢. مۆرال بریتیە لە ......................................................یەکێک لە جۆرەکانی مۆرال برێتیە لە بەرژەوەندی کە تاک پەیوەستە بە ...................................................................................بەڵام لە جۆری گوێرایەڵیدا مرۆڤ کاریگەر دەبێت بە............................................................................................. .

٣. زۆر دەردانی رژێنی سایرۆکسین لە لای هەرزەکاران دەبێتە هۆی ...................................................... بەڵام کەم دەردانی دەبێتە هۆی ............................................................................. .

٤.هۆرمۆنی.................و.................کاریگەرە لەسەر گەشە وخێرایی گەشەی سێکسی و بەرەنگاربونەوەی پەتا.

٥. قۆناغی هەرزەکاری ناوەند لە تەمەنی............دەستپێدەکات بەڵام هەرزەکاری سەرەتایی لە تەمەنی.................دەستپێدەکات و هەرزەکاری دواین لە تەمەنی......................دەستپێدەکات لای کچان.

٦. جۆرەکانی فێربوونی هەڵچوون لە لای منداڵ بریتیە لە...........................و........................و....................... .

٧. کوێرە رژێنەکان کاریگەریان هەیە لەسەر گەشەی ......................و..............................و.................. .

٨.جین یەکەیەکی بنەرەتی بۆماوەییە پێکهاتووە لە ماددەی (DNA) کە ئەرکی برێتیە لە بەرهەمهێنانی................................................................و........................................................... .

پ٣٢/ باوان و پەروەردەکاران پێویستە چی بکەن بۆ پەروەردەی سێکسی منداڵان؟

پ٣٣/ بە هێنانی نمونە باسی یەکێک لەو هۆکارانە بکە، کە دەبێتە هۆی دروست بونی رەفتاری شەرانگێزی لای منداڵ.

پ٣٤/ گرنگترین نیشانەکانی باڵغبوون و کاریگەریە دەروونیەکان چین بە خاڵ روونی بکەرەوە.

پ٣٥/ جیاوازی بکە لە نێوان ئاراستەی بایۆلۆجی و دەروونی لای هەرزەکاران.

پ٣٦/ ئەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی زوتر گەیشتن بە قۆناغی هەرزەکاری چین .

پ٣٧/ بەراورد بکە لە نێوان نەخۆشی تێرنر و کلاینفلتر لە رووی زیاد و کەمی کرۆمۆسۆمەکان.

پ٣٧/ کەمی دەردانی هەر یەکە لەم گلاندانەی خوارەوە چە کاریگەریک لەسەر گەشەی مرۆڤ دروست دەکات : ١.ئەدرینالین ٢. غدەی دەرەقی ٣. غدەی جنسی

پ٣٨/ گرنگترین پێویستیەکانی گەشە لە قۆناغی هەرزەکاریدا بە ٦خاڵ روون بکەرەوە.

پ٣٩/ هۆرمۆنی ئەنسۆلین چە ئەرکێکی هەیە لە جەستەدا باسی بکە.

پ٤٠/ گلاندی پەنکریاس دەکەوێتە کوێ و ئەرکی چیە لە جەستەدا.

پ٤١/ جیاوازی لە خۆراکی مندالان چ کاریگەری دەبێت لەسەر ئەدایان لە ناو پۆل.

پ٤٢/ بۆچی منداڵی فەقیر و نەدار ئاستەنگی فێربونیان هەیە.

پ٤٣/کاریگەری بێبەشبون و نەداری چونە لەسەر رەفتاری منداڵ.

پ٤٤/کاریگەری نەبوونی پرۆتینی باش لەناو خۆراکی منداڵ چۆنە.

پ٤٥/ بۆچی منداڵان کاریگەر دەبن بە بینینی بەرنامەی شەرانگێزی لە تەلفزیۆن.

پ٤٦/کاریگەری پەروەردە چۆنە لەسەر رەفتاری منداڵ لەناو هەتیوخانە.

پ٤٧/ بێبەشبونی رۆشەنبیری چە کاریگەریەکی هەیە لەسەر پەروەردە کردنی منداڵ.

پ٤٨/ چە ژینگەیەک گۆنجاوە بۆ منداڵ لە باخچەی ساوایان کە هەلومەرجی سەڵامەتی تێدا بیت.

پ٤٩/گرنگترین ئامانجە پەروەردەیەکانی باخچەی ساوایان بە درێژی باس بکە.

پ٥٠/ئاراستەی دەروونی چۆن دەروانێتە قۆناغی هەرزەکاری بە خاڵ تیۆرەکە روون بکەرەوە.

پ٥١/بەراورد بکە لە نێوان هەرزەکاری گۆشەگیر و شەرانگێز.

پ٥٢/هەنگاوەکانی هەڵچوون لای مرۆڤەکان هەنگاو بە هەنگاو روون بکە.

پ٥٣/ ئایا فاکتەرەکانی پێگەیشتن و فێربون کاریگەریان دەبێت لەسەر گەشەی هەڵچونەکان؟

پ٥٤/ بە درێژی باس لە گەشەی هەڵچوونی بکە لای هەرزەکار.

پ٥٥/چە رۆلێکی هەیە فێربوون لە گەشەی هەڵچوونیدا.

پ٥٦/گرنگترین ئامانجە پەروەردەیەکانی سێکسی لای تاک چین شیبکەرەوە.

پ٥٧/(باندۆرا) لە تاقیکردنەوەکەیدا چۆن باسی رەفتاری شەرانگێزی دەکات لای منداڵ؟

پ٥٨/جیاوازی بکە لە نێوان هەرزەکاری سەرەتایی و ناوەند و دواین.

پ٥٩/گرنگترین پیویستەکانی گەشە لە شەش ساڵی یەکەمی ژیانی منداڵ بە خاڵ باسی بکە.

پ٦٠/زۆر دەردانی رژێنی سایرۆکسین لە قۆناغی هەرزەکاریدا چە کاریگەریک لەسەر جەستە دروست دەکات؟

پ٦١/ پەیوەندی نێوان دەروونزانی گەشە و زانستەکانی تر بە نموونە راڤە ی بکە.

پ٦٢/ لایەنی ژیری و کۆمەڵایەتی و جەستەیی چە کاریگەریکی هەیە لەسەر دروست بونی رەفتاری گۆنجاو و نەگۆنجاو لای مرۆڤ.

پ٦٣/ چە گرنگیەکی هەیە دەروونزانی گەشە بۆ باوان و ئەندامانی خێزان بە درێژی باسی بکە.

پ٦٤/ ئەو سیفەتانە چین کە لە رێگەی بۆماوە دەگوازرێتەوە بۆ منداڵ؟

پ٦٥/ (DNa) چە ئەرکێکی هەیە لە ناو جەستەدا بە کۆرتی لەسەری بدوێ.

پ٦٦/ نەخۆشی داون چۆن دەگوازرێتەوە بۆ منداڵ و تایبەتمەندیەکانی چین؟

پ٦٧/ ئایا کوێرە رژێنەکان چە کاریگەریەکیان هەیە لەسەرژیانی منداڵ و هەرزەکار.

پ٦٨/ زۆر دەردانی غدەی دەرەقی چە کاریگەریک دروست دەکات لە ژیانی منداڵ و هەرزەکار.

پ٦٩/ ئەو رژێنانە چین کە کۆئەندامی زاوزێ دەریدەدات ؟ کەم دەردانی ئەم رژێنە چە کاریگەریکی هەیە لەسەر جەستە؟

پ٧٠/ کاریگەری پەروەردەکردنی منداڵ بە بێ دایک و باوک چۆنە؟

پ٧١/ گرنگترین پێویستیەکانی قۆناغی منداڵی دواینەیی چین بە (١٠) خاڵ روونی بکە.

پ٧٢/ بێبەشبوونی دایکایەتی چە کاریگەریکی هەیە لەسەر ژیانی منداڵ بە نموونە باس بکە؟

پ٧٣/ باسی تاقیکردنەوەی ستێبس بکە لەسەر بێبەشبوونی حسی .

پ٧٤/ مامۆستایان و پەروەردەکاران پێویستە چە ئەرکێک جێ بە جێ بکەن لە باخچەی ساوایاندا.

پ٧٥/ چە جۆرە پەروەردەکردنێک دەبێتە هۆی تێکچونی کەسایەتی منداڵ؟

پ٧٦/ گرنگترین تایبەتمەندیەکانی گەشەی زمانی منداڵ بە خاڵ دەرببرە.

پ٧٧/ ئایا هۆکاری دەروونی و ئەندامی دەبێتە هۆی دروستبونی شلەژانەکانی گەشەی زمان یاخۆد نا وە بۆچی؟

پ٧٨/ توانستەکانی ( جولانەوە،ئیدراک،زمان) چە کاریگەریکی هەیە لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی لای منداڵ؟

پ٧٩/  چە جۆرە ژینگەیەک دەبێتە هۆی دروستبوونی رەفتاری شەرانگێزی لای مندال بە نموونە باسی بکە.

پ٨٠/ جیاوازی چیە لە نێوان ئاراستەی بایلۆجی و کۆمەلایەتی لە راڤە کردنی قۆناغی هەرزەکاری.